بەژمارە ١٢٠٠ لەڕۆژی ٢٠٠٨/٦/١٥دا کراوەو ئیمزای جەلال عومەر سام ئاغای لەسەرە لەڕۆژی ٢٠٠٨/٦/١٧دا و وەزارەتیش فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی ئاگادارکردووەتەوە بۆ جێبەجێکردنی تێبینییەکانی چاودێری دارایی، بەڵام تائێستا حساب بۆ نووسراوەکەی وەزارەت و تێبینییەکانی چاودێری داراییش نەکراوەو هیچیان جێبەجێنەکراون.

هەروەها لەبەرامبەری نووسراوەکەی سەرۆکایەتی چاودێریی داراییدا بەپێی نووسراوی ڕەسمی ژمارە ٢٤٣٨ی وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان کە لەڕۆژی ٢٠٠٩/٣/٤، ئاراستەی فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی کراوە، داوای جێبەجێکردنی ڕاپۆرتەکەی چاودێری دارایی دەکات.

نووسراوەکەی وەزارەتی تەندروستی کە ئیمزای جەمال مەولود ئەحمەد بەڕێوەبەری گشتی کارگێڕی و دارایی بەوەکالەت پێوەیەو لەڕۆژی ٢٠٠٩/٤/٣دا ئیمزای کردووە، لەدەقەکەیدا هاتووە کە ئاماژە بەنووسراوی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێریی دارایی ژمارە ٢٦٧ لەڕۆژی ٢٠٠٩/٢/١٢ داواکارین لەفەرمانگەکەتان و بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەربەفەرمانگەکەتان بۆ وەڵامدانەوەی تێبینییەکانی ڕاپۆرتی سەرۆکایەتی ئاماژەپێکراو بۆ ساڵانی ٢٠٠٤/٢٠٠٥/٢٠٠٦/٢٠٠٧، بەزوترین کات ئاگادارمان بکەنەوە لەجێبەجێکردنیان بەپێی خشتەی هاوپێچ لەگەڵ ڕێزدا.

تێبینییەکانی ڕاپۆرتی ژمارە ٣٠٦ی نهێنی چاودێری دارایی کە لەڕۆژی ٢٠٠٧/٨/٢٦ سەبارەت بەکارەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕانیە بۆ ساڵی دارایی ٢٠٠٦ بۆ وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان نێردراوەو دوانووسراویش بەژمارە ١٢٠٠ لەڕۆژی ٢٠٠٨/٦/١٥دا کراوەتەوە بەڵام تائێستا جێبەجێنەکراون.

خەرجییەکان

١. برگە (٢/٥/١، ٢/٥/٥) :

بەفەرموون بەناردنی بەرایی و بەڵگەی تایبەت بەچۆنێتی کڕین و دابەشکردنی ئەو ١٠٠٠ گاڵۆن ڕۆنەی کە لەراپۆرتماندا ئاماژەی پێدراوە بەپێچەوانەوە پێویستە ئەندامانی لیژنەی کڕین و دابەشکردن غەرامەبکرێن بەپارەی ئەو ڕۆنەو سزاش بدرێن.

٢. برگە (٢/و/٤):

داواکارین کە ئەو جۆرە سەرپێچیانە دووبارەنەبێتەوەو ئەو خەرجیانە بەش بەش نەکرێن.

٣. برگە (٢/ز/٤):

پێویستە گەنجینەدار سزای گونجاوبدرێت بەرامبەر ئەو کەمتەرخەمییەی لە ئیدخالکردنی ئەو موبەریدانە ئەنجامیداوە.

٤. برگە (٢/ح/٤):

پێویستە سەرەڕای وەرگرتنەوەی ٣٠٠ هەزار دینار لەلیژنەی کڕین و سزای گونجاویان ئاراستە بکرێت.

٥. برگە (٢/ی/٢، ٢/ی/٣):

بەهەمان شێوە پێویستە کارمەند کەمال عەلی ئەحمەد سەرەڕای وەرگرتنەوەی ئەو برە پارانە، سزابدرێت.

٦. برگە (٢/م/٢):

لەبەرئەوەی فەرمانبەر وریا مستەفا کاکەڕەش ئاماژەی بەوەداوە کە هۆی کڕینی ئەو بەنزینە نەبوونی بەنزین بووە بەپێی وتەی گەنجینەداری سوتەمەنی لەکاتێکدا



٣.. **برگە (٢/د/١) :-**

داواکارین ماوەی لە کاردابڕانی کارمەند (عبد السلام محمد فیصل) دیاری بکرێت و سەرجەم ئەو مووچانەی بە زیاد خەرج کراوە وەربگیرێتەوە .

٤ .. **برگە (٥/ه) :-**

وەڵامتان وەك پێویست نی یە لەبەر ئەوە داواکارین لێکۆڵینەوە لەم برگەیەی ڕاپۆرتمان بکرێت و چارەسەری گونجاو بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانە بکرێت .

٥ .. **برگە (٥/ح) :-**

بەپێی کەشفی مرور خاوەنی ئۆتۆمبێلی جۆری (نیسان پترول) ژمارە (٨٢٢ : ٣/ دهۆك) تاوانبارە لەبەر ئەوە پێویستە بڕی تێچوونی چاککردنەوەی ئۆتۆمبێلی ژمارە (١٠٠ و . تەندروستی) لە خاوەنی ئۆتۆمبیلی جۆری (نیسان پترول) وەربگیرێتەوە و لە ئەنجام ئاگادارمان بکەنەوە .

٦ .. **برگە (٥/ل) :-**

أ .. پێویستە فەرمانبەر (عطا أمین محمد) سزا بدرێت بەرامبەر بە هەڵسانی بە بردنەماڵەوەی ئەو شت و مەکانە و لە وەڵامتاندا هاتووە کە جردی ئەو کەل و پەلانە هاوپێچە ، پێتان ڕادەگەیەنین کە ئەو جردە بەدی نەکرا لەبەر ئەوە داواکارین بۆمان بنێرن .

ب.. سزادانی بەڕێوەبەری گشتی و گەنجینە دار لەبەرئەوەی کاتی ئەنجامدانی ئەو کارە لەلایەن ناوبراوەوە ئاگاداری ئەو کارە بوون .

٧ .. **برگە (٧/أ) :-**

وەڵامتان وەك پێویست نی یەو پێچەوانەی وتەی لێپرسراوی بەشی یەکەی هاتووچۆ (شیروان جلال رشید) ە لەبەر ئەوە داواکارین بەرپرس لە وەرگرتنی ئەو بەنزینە دیاری بکرێت و پارەی ئەو برە بەنزینەی لێ وەربگیرێتەوە و سزاش بدرێت لە هەمان کاتدا .

٨ .. **برگە (٧/ب) :-**

١.. داواکارین ئەو ئەندازیارانەی ئەو کمیەتە بەنزینانەیان پێدراوە پارەکانیان لێ وەربگیرێتەوە.

٢ .. سزادانی بەڕێوەبەری گشتی لەبەرئەوەی لە دەرەوەی دەسەڵاتی خۆی کاری کردووە .

٩ .. **برگە (٧/ج) :-**

داواکارین سەرجەم بەرایی داواکاری تایبەت بە سرف کردنی بڕی (٣٣٠٠) لیتر بەنزین کە دراوە بە لێپرسراوی بەشی ئەندازەو چاککردن بنێرن بۆمان بە پێچەوانەوە پێویستە پارەی ئەو برە بەنزینە وەربگیرێتەوە و کەسی بەرپرس سزابدرێت .

١٠ .. **برگە (٧/د) :-**

داواکارین بەڵگەو بەرایی پێویست بنێرن بە مەبەستی دڵنیا بوون لە ئەنجامدانی کاری خزمەتگوزاری لەلایەن ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لە ڕۆژانی پشووەوە [redacted] ئەو بەنزینانەیان لێ وەربگیرێتەوە .